# کوردستانی نوێ
KURDISTANÎ NWÊ

بەیانیان لەگەڵ خۆر هەڵدێت

ژمارە (٤٦٠١) چوارشەممە ٢٠٠٨/٦/١٨ ◆ (٢٠) لاپەڕە ◆ نرخی (٥٠٠) دینارە

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

A Kurdish Daily Newspaper Published by The PUK - Iraqi Kurdistan Wed. 18/6/2008 No. 4601


## بەندیخانەی فیدرالی لەچەمچەماڵ دروستدەکرێت

**چەمچەماڵ- هەردی ئەبوبەکر**

بەندیخانەی فیدرالی لەچەمچەماڵ بەبڕی (٢٧) ملیۆن و (٥٠٠) هەزار دۆلار لەسەر بودجەی هێزەکانی هاوپەیمانان لەقۆناغی جێبەجێکردندایەو (٣٩٪)ی کارەکانی تەواوبووە.

ئومێد ئەمین بەڕێوەبەری پرۆژەکە بەکوردستانی نوێ-ی ڕاگەیاند: پرۆژەکە لەمانگی ٢٠٠٧/١١وە دەستیپێکردووەو بڕیارە لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٩دا تەواوبکرێت و بەندیخانەکەش زیاتر لە(٣) هەزار زیندانی دەگرێت.



نەوت لەنێوان هەولێرو بەغدادا 6


شورای دەربەندی بازیان 8


ڕێگایەکی ماقوڵ 13


### بەپێی بەڵگەنامەیەك كە دەست کوردستانی نوێ کەوتووە

# ڕژێمی سەدام و ئەیمەن زەواهیری پلانی هاوبەشیان بۆ کاری تیرۆریستی داناوە

**کوردستانی نوێ-**
**ئاکار ئازادو سامان ساڵح**

لەبەڵگەنامەیەکدا کەوێنەیەکی دەست کوردستانی نوێ کەوتووە، دەزگای موخابەراتی ڕژێمی ڕووخاوی سەدام، بەنووسراوێکی نهێنی کەژمارە: ش س/ ٥٠٨٣-ی لەسەرەوە لە١٢/١٢/٢٠٠٢ واتا نزیکەی (٤) مانگ بەر لەڕووخانی ڕژێمی بەعس دەرچووە، بەمەبەستی ئاگادار کردنەوە نێردراوە بۆ م.م.ش.خ وم٥. م٦. م٧ و لەناوەڕۆکەکەیدا هاتووە: (حەزدەکەین ئاگاداری بەڕێزتان بکەین کەڕۆژی ١٤/١٢/ ٢٠٠٢ لەلایەن بەڕێز سکرتێرەوە دیاریکراوە، بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی گرنگ و ئەوپەڕی نهێنی لەگەڵ سەرچاوەی ژمارە (١٠٠٠)مان ئەیمەن زەواهیری، ئەویش لەپێناوی ڕێککەوتن لەسەر تاووتوێکردنی ئەو پلانەی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیی بەڕێزەوە دانراوە لەبارەی کردەوەی (تۆڵە) لەناو خاکی خائینی حەرەمەینی شەریفەیندا، لەگەڵ سەرچاوەکەمان (ئەزهار شێخلی)، بەمەبەستی ئاگادارکردنی لەبارەی گشت وردەکارییەکانی ئەو پلانەی لەلایەن سکرتاریەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە دانراوە).

هەروەك بەڵگەنامەکە ئیمزای ر.ع.م حەسەن عەبدولواحید سالم-ی لەسەرە.


جمهورية العراق
رئاسة الجمهورية
جهاز المخابرات

العدد ش س/٥٠٨٣
التاريخ: ١٤٢٣هـ
١٢/١٢/٢٠٠٢م

سري

أعـــلام

السيد م . م . ش . خ . المحترم
م٥ / م٦ . م٧

نود اعلام سيادتكم بان يوم ٢٠٠٢/١٢/١٤م قد حدد من قبل السيد السكرتير المحترم لغرض عقد الاجتماع المهم والسري للغاية مع مصدرنا ذو الرقم ((١٠٠٠)) ايمن الظواهري وذلك لغرض الاتفاق على دراسة الخطة الموضوعة من قبل هيئة الرئاسة الموقرة بشأن عملية (( الانتقام )) داخل اراضي خائن الحرمين الشريفين مع مصدرنا ((ازهار الشيخلي)) لغرض اطلاعها على جميع تفاصيل الخطة الموضوعة من قبل سكرتارية مجلس الامن القومي

... مـــع التقديـــر .

ر.ع.م
٢٠٠٢/١٢/١٢م

(١-١)
سري

### بڕی (٥٠) هەزار دۆلاری وەك قەرەبوو بۆ تەرخانکردن

# کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی پێشوازیکرد لەوەفدێکی ڕۆژنامەنووسانی کەرکوك

**کوردستانی نوێ**

دوێنێ ٦/١٧، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سەرۆکی هەرێم و جێگری سکرتێری گشتیی ی.ن.ك لەشاری سلێمانی پێشوازیکرد لەوەفدێکی ڕۆژنامەنووسانی کەرکوك، کەپێکهاتبوو لە شوان داودی و لەتیف فاتیح فەرەج و چەند ڕۆژنامەنووسێکی دیکە.

لەدیدارێکدا، باس لەکاری ڕۆژنامەنووسی لەکەرکوك کراو وەفدەکە پێشنیازیانکرد کەقەرەبووی زیانەکانی ڕۆژنامەنووسەکانی کەرکوك بکرێتەوە.

لەبارەی ناوەڕۆکی دیدارەکەوە، شوان داودی نوێنەری ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەکەرکوك بەکوردستانی نوێ-ی ڕاگەیاند: دوای تەقینەوەکەی ١٦/٧/٢٠٠٧ی بەردەم کۆمەڵەی ڕووناکبیریی کەرکوك و هەفتەنامەی کەرکوکی ئەمڕۆ، (٨) ڕۆژنامەنووس بریندداربوون و ئۆتۆمبێلە تایبەتییەکانیان سووتان و زەرەرو زیانێکی زۆریش بەر شارەکە کەوت، بۆیە لەوکاتەوە تائێستا بەردەوام وەکو سەندیکا لەهەوڵدابووین بۆ ئەوەی بتوانین قەرەبووی ئەو ڕۆژنامەنووسانە بکەینەوەو بۆ ئەوەش پەیوەندیمان بەچەند لایەنێکی بەرپرسەوە کردو پاشان پەیوەندیمان بە کاك کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سەرۆکی هەرێم و جێگری سکرتێری گشتیی ی.ن.ك-ەوە کردو بەسوپاسەوە بڕیاریدا قەرەبووی ئەو (٨) ڕۆژنامەنووسە بکاتەوەو دوێنێش قەرەبووی کردنەوە بەبڕی (٥٠) هەزار دۆلار بۆ هەموویان و ئێمەش بەگوێرەی زەرەرو زیانەکانیان بەسەریاندا دابەشی دەکەین.

وتیشی: بەهۆی کارە تیرۆریستییەکانەوە لەکەرکوك، تائێستا (٩) ڕۆژنامەنووس شەهیدبوون.

لەلایەکی دیکەوە، نیوەڕۆی دوێنێ ٦/١٧، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەئامادەبوونی د.محەمەد سابیر باڵیۆزی عیراق لەچین، پێشوازیکرد لە د.سەلاح ئەلشێخلی باڵیۆزی پێشووی عیراق لەبەریتانیاو کەسایەتیی بەریتانی پۆل بی سیتل.

لەدیدارێکدا، ڕەوشی سیاسی و ئەمنیی و ئابووری لەعیراق و هەرێمی کوردستان گفتوگۆی لەبارەوەکراو ئاماژەش بەهاوکاریی کۆمپانیا بیانییەکان کرا لەبووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری لەعیراق و کوردستان و لەم ڕووەوە جێگری سەرۆکی هەرێم خۆشحالیی و ئامادەیی هەرێمی کوردستانی دووپاتکردەوە بۆ هەر کۆمپانیاو وڵات و لایەنێك کەبیەوێت بەشداربێت لەبووژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی وڵات.

### لیژنەی تایبەت پێکهێنراوە

# هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەستپێیکرد


یەکێك لەگۆڕە بەکۆمەڵەکان

**سلێمانی- هەڵکەوت زەنگەنە**

چنار سەعد عەبدوڵڵا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، بەکوردستانی نوێ-ی ڕاگەیاند: لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لەبەغدا بەشداریی کۆنگرەیەکی تایبەت بەگۆڕە بەکۆمەڵەکانمان کرد، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراقەوە ڕێکخرابوو، وتیشی: لیژنەیەکی تایبەت بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەسەر ئاستی عیراق پێکهێنرا، کەنوێنەری ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراقی تێدایەو تیمێکیش بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دانراوە کە لەدەرەوە مەشقی تایبەتییان پێکراوەو ئامادەن بۆ دەستکردن بەهەڵدانەوەی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی کەدۆزراونەتەوە.

ڕاشیگەیاند: وەکو لایەنی کوردی گلەیی ئەوەمان هەبوو کەبەبێ ئاگاداریی ئێمە ئەو لیژنەو تیمە پێکهێنراون، لەبەرامبەردا پێیانڕاگەیاندین، کە(٢) کەس دەستنیشانبکەین بۆ ئەندامێتی لەلیژنەکەداو دڵنیاییشیان پێداین کەهیچ کارێك بەبێ ئاگاداریی ئێمە ئەنجامنادەن و بەم نزیکانەش نوێنەرەکانی خۆمان دەنێرین و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش دەستیپێکردووەو یەکەم گۆڕ لەنەجەف هەڵدراوەتەوە.

ئاماژەی بەوەشدا: تائێستا زیاتر لە(٣٠٠) گۆڕی بەکۆمەڵ لەعیراقدا دۆزراونەتەوە کەزۆربەیان لەباشووری ناوەڕاستن و پێدەچێت ئەو ژمارەیەش بەرەو زیادبوون بچێت و تا گۆڕەکانیش هەڵنەدرێنەوە، نازانرێت ئەو گۆڕانە چەندیان هی کوردن.

ڕوونیشیکردەوە: بەپێی یاسای پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، هەڵدانەوەو پاراستن و گەڕاندنەوەی گۆڕەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان ئەرکی حکومەتی عیراقەو لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە بەرنامەمان داناوە بۆ ئەو گۆڕانەی کەتایبەتن بەهەرێمی کوردستان.

### بەمەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)

# وەزارەتی دەرەوەی سوید یاداشتێك دەداتە عیراق

**کوردستانی نوێ - ژینۆ عەبدوڵڵا**

کۆنفرانسی تایبەت بەچارەسەرکردنی کێشەکانی عیراق کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی سویدەوە ڕێکخرابوو، تەئکیدی لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)و گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی تەواوی ماددە دەستوورییەکانی عیراق کردەوە، لەنێویاندا ماددەی (١١٨)ی تایبەت بەپێکهێنانی هەرێمەکان و ماددەی (٤٢)ی هەموارکردنی دەستوور.

لەکۆنفرانسەکەدا، کە لەلایەن پەیمانگەی فۆلگ بەرنادۆت-ی سەربە وەزارەتی دەرەوەی سوید ڕێکخرابوو، تێیدا بێجگەلە بەشداریی چەندین کەسایەتیی ئەکادیمی و سیاسیی بیانی، (٢٧) کەسایەتیی سیاسیی عیراقی نوێنەرانی سەرجەم چین و توێژەکانی عیراق بەشدارییانکردبوو و چەند پێشنیازێك درانە حکومەتی عیراق، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عیراق، لەنێویاندا جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠).

قادر عەزیز سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان یەکێك بووە لەبەشداربووەکان و لەلێدوانێکدا بۆ کوردستانی نوێ ئاشکرایکرد: لەکۆنفرانسەکەدا، زۆر تەئکیدکرایەوە بەپابەندبوون بەدەستووری عیراق و سەرجەم برگەکانییەوەو وەك فاکتەری چارەسەرکردنی کێشەکانی عیراقەو داواشکرا پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی هەنگاوی باش بنێت و هێزەکانی سەحوە تێکەڵاوی هێزی نیزامی بکرێن.

قادر عەزیز ئەوەشی خستەڕوو کەهەر لەکۆنفرانسەکەدا، کەڕۆژانی (٩-١٤)ی ئەم مانگە لەدوورگەی ساندۆلاند لەباکووری سوید بەڕێوەچووە، باس لەوەکرا کەپێویستە ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ ئەمریکا ئیمزابکرێت بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە ئەمنییەکان، بەڵام گرنگترین کار بۆ ئێمە لەو کۆنفرانسەدا، تەئکیدکردنەوەبوو بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)، کە لەئایندەیەکی نزیکدا لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی سوید وەك یاداشت دەدرێتە حکومەتی عیراق.

### لەمانگێکدا

# (٣٩) کارگەی جۆراوجۆر مۆڵەتی دامەزراندنیان پێدراوە

**هەولێر- فەتاح حەسەن قەڵاتی**

سروود ئەحمەد فەقێ بەڕێوەبەری پلان لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پیشەسازی لەوەزارەتی پیشەسازیی هەرێمی کوردستان بەکوردستانی نوێ-ی ڕایگەیاند: لەمانگی (٤)ی ئەمساڵدا لەبواری چالاکییەکانی کەرتی تایبەت لەهەرسێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، (١٣٣) کارگە بەمەبەستی چاودێریکردن و پشکنین سەردانیان کراوە، کە(٢٢)یان لەپارێزگای هەولێرەو (١١٠)یان لەپارێزگای سلێمانی و (١) کارگەش لەدهۆك و هەروەها (٣٩) کارگەش مۆڵەتی دامەزراندنیان وەرگرتووەو (١٤) کارگەش داواکارییان بۆ گواستنەوەی خاوەندارێتییان لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لەهەرسێ پارێزگای هەرێمدا پێشکەشکردووە.

وتیشی: سەرجەم سەرمایەی وەبەرهێنان بۆ دامەزراندنی ئەو کارگە نوێیانە بەبڕی (٧٣) ملیارو (٨٢٥) ملیۆن و (٣٠٠) هەزار دینار مەزەندەدەکرێت، کەبۆ هەولێر زیاتر لە(٤٣) ملیار دینارەو بۆ سلێمانیش زیاتر لە(١٩) ملیارەو بۆ دهۆکیش زیاتر لە(١٠) ملیار دینارەو ژمارەی ئەو کرێکارانەش کەدیاریکراون بۆ کارکردن لەم کارگە نوێیانە نزیکەی (٣٨٥) کرێکاری خۆماڵییە.